# پاتۆلۆژیای عێراقی

فلان کەس، بێ گومان هەموو شتێک ئاسانە بە نووسین یان قسەکردن، بەڵام ئەگەر پێت وایە بەبێ پارە، بەبێ یارمەتی دەوڵەتێک یان خارجی پرۆسەی کلاسیکی و تەقلیدیدا ناتوانی هیچ بکەیت، ئەوا ئەم وتارە بۆ تۆ نییە و کاتت بەفیڕۆ مەدە لە خوێندنەوەی. بە شێوەیەکی زۆر سادە و 'ماکرۆ' ئەم وتارە باسی خاڵەکانی خوارەوە دەکەت:
پاتۆلۆژی چییە؟ پاتۆلۆژیای کۆمەڵگا یان دەوڵەتێک وەک عێراق چییە و/یان چۆنە، بە چەند شێوەیەکە و نیشانەکانی چین؟ ئایا دەتوانین باسی پاتۆلۆژیای سیاسی، ئابووری، ئیداری، بەڕێوەبردن، میدیای، عەسکەری، کۆمەڵایەتی یان ئایینی و هتد، عێراقی بکەین؟ ناوی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتدار لە عێراقدا چییە و لە زەماندا گۆڕانکارییەکی بینیوە یان نا؟ چەند تایبەتمەندی هەڵبژاردن (وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی) و وشەیەکی زۆر کورت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا، قەندیل و ئەنجامی ئەم وتارە.

بۆئەوەی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین، ویژدانەکی "زیندوو" پێویستە بۆ بینینی پاتۆلۆژیای عێراقی لە زەماند، کە ڕەگ و ڕیشەی زۆر قووڵی هەیە. لەم وتارەدا بەشێوەیەکی زۆر فراوان و/یان زانستی باس لە خاڵەکانی خوارەوە ناکەین: پاتۆلۆژیای گیا، حەیوانی، میدیای، ئینسانی، سیاسی، ئابووری، ئیداری، بەڕێوەبردن یان کۆمەڵگا وهتد؛ مانی چییە و چۆنە؟ ئایا دەتوانین باسی پاتۆلۆژیای کۆمەڵگایەک بکەین؟ وهتد.

ئەم بابەتە فراوان و قووڵە و دەتوانی بە شێوازی جیاواز باسی بکەی، بەپێی کۆمەڵناس وتیۆرییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاواز. پاتۆلۆژی = (لێکۆڵینەوە لە سەر)، نەخۆشی، هۆکار و نیشانەکانی. سنووری ئەم کونسێپتە لێڵ و نادیارە و دەتوانی باسی پاتۆلۆژیای کۆمەڵگا و سیاسیش بکەی. لە ناو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا، پاتۆلۆژیای سیاسی هەیە و بۆ نموونە لە فەرەنسا باسی دیمۆپاتی1 دەکەن = جۆرێک لە "نەخۆشی" دیموکراسییە، ناڕەزایی کۆمەڵگا، پەسەندنەکردنی سەرکردە سیاسییەکان، هەوڵدان بۆ کونسێپت و بیرکردنەوەی نۆ. لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت بە پێی فلان بینین و بۆچوونی زانستی، کۆمەڵناسی یان سیاسی (وەک سیستماتیک، ڕەخنەیی، ماتریالیزمی مێژوویی، فەنکشنالیزمی سیستماتیک و هتد)، باسی پاتۆلۆژیای کۆمەڵگا و سیاسی ناکەین.
بە شێوەیەکی زۆر سادە، کورت و 'ماکرۆ' دەتوانین بڵێین کە: پاتۆلۆژیای کۆمەڵگا = کاتێک کۆمەڵگایەک بە باشی کارناکات و کێشەی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردن، ئیداری، ئابووری، دارایی، ناڕەزایی گشتی، توندوتیژی جیاواز، سایکۆلۆجی، خیانەت، نادادپەروەری، ستەم و زوڵموزوری، گەندەڵیی بێ سنوور، کۆیلایەتی، بێ بەها کردنی تاکەکەس و کۆمەڵگا و هتد هەیە. = کۆمەڵگایەکی نەخۆشە.
پاتۆلۆژیای دەسەڵات و/یان هێز پەیوەندی بە چەند کونسێپتەوە هەیە و هەروەها پێی دەوترێتHubris.
پاتۆلۆژیای دەسەڵات = گەڕان و حەزکردنەکی بەردەوام و بێ سنوور بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی، کۆمەڵگا وەک خاوەنی خۆی دەبینێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و شکۆمەندی خۆی، لووت بەرزیی، حەز کردنەکی بێ سنوور بۆapparence و وێنەی خۆی، گوێ پێنەدان بە ڕەخنە، ڕەتکردنەوەی تەواوی حوکمێک و/یان بڕیارێک لەلایەن ڕای عام، جەماوەر و هتد. پاتۆلۆژیای دەسەڵات کاریگەری زۆری لەسەر پاتۆلۆژی کۆمەڵگا هەیە. هەر چەند کۆمەڵگا تەقلیدی و لاوازتر بێت کاریگەری پاتۆلۆژیای دەسەڵات زیاترە.

چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" لێرەدا باس لە سەر پاتۆلۆژیای کۆمەڵگا و دەسەڵاتدار ناکەین لە ساڵی ١٩٣٢ تا ئێستا. پاتۆلۆژیای چینی سیاسی و ئایینی دەسەڵاتداری عێراقی چۆنە و مێژووی عێراق چیمان بۆ ئیسبات دەکەت لە سەر ئەم بابەتە؟ خاڵەکانی جیاواز و هاوبەشی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتدار و کۆمەڵگای عێراقی چین؟ بێ گومان خاڵەکانی هاوبەش زۆرترن لە جیاوازییەکان.
بۆ نموونە کۆمەڵگای عێراقی تەقریبەن بە بەردەوامی ژیاوە لەگەڵ ئەم خاڵانەی زۆر خراپ و نێگەتیڤی خوارەوە:
دیکتاتۆر ومیلیشیا، تایفەگەری ئێتنی و ئایینی؛ ژێردەستی، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵیی شەرعی زۆر قووڵ؛ توندوتیژی بە شێوەازی جیاواز لەگەڵ جەماوەری عێراق، شەڕی ناوخۆ و دەرەکی (ئەم خاڵانە بەشێکی گرنگی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە)، و هتد.

ئەم خاڵانە و دۆخی ئێستای عێراق بە گشتی زۆر بە هێز ئیسبات دەکەن کە چینی دەسەڵاتداری عێراقی بە شێوەیەکی عام تۆشی نەخۆشییەکی سەخت و چارەسەر نەکراوە دەناڵێنێت کە زۆر بێ بەرهەم و قۆولە و بەس پاتۆلۆژیای جیاواز بە دڵی خۆی بۆ کۆمەڵگا دروست دەکەت لە ناو سیستەمی: پەروەردەیی، دادوەری، تەندروستی، سەربازی، ئابووری، جوگرافیای، دارایی، ئیداری، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئەمنی، بەڕێوەبردن و هتد. بۆچی کۆمەڵگای عێراقی نەیتوانیوە خۆی لەم نەخۆشییە ڕزگار بکات کە بۆتە شتێکی ئاسایی و ئێستا بەشێکی گرنگ و ڕۆژانەی ژیانە لە عێراقدا؟ ناوی ئەم پاتۆلۆژیای کۆمەڵگای عێراقی چییە؟ دەتوانین باسی چەند پاتۆلۆژیای کۆمەڵگا ودەسەڵاتداری عێراقی بکەین لە ساڵی ١٩٣٢تا ئێستا و پێویستە چی لەوان فێربین؟ هۆکار و نیشانەکانی ئەم پاتۆلۆژیایە چین و بە چەند شێوەیەکن و تایبەتمەندییەکانی؟ لە زەماندا هەڵوێستی جەماوەری کورد، شیعە، سوننە و مەسیحی بەرامبەر بە پاتۆلۆژیای دەسەڵاتدار چۆن بوویە پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣؟"

هوشیار بارزانی گووت:" لە کوردستان دوای ساڵی١٩٩١، وردە وردە نیشانەکانی نەخوش بوونی چینی سیاسی دەسەڵاتداری کوردی ئاشکراتر دەبن، کە زۆر زوو، بە توندوتیژی و بێ شەرمانە بۆ کۆمەڵگا ئیسبات کرد کە زۆر نەخۆشە: فرۆشتنی کەلوپەل و کەرەستەی پیشە سازی بۆ ئێران، شەڕی براکوژی، توندوتیژی جیاواز و زۆر پیس کە ئێستاش بە شێوەکانی جیاواز بەردەوامە، گەندەڵیی قووڵ و شەرعی، بەڕێوەبردنەکی نەزان بە وەکالەتی ئەکتەری دەوڵی خارجی، عەشایەری، میلیشیای و شەخسی کە تەنها نەخۆشی جیاواز
بۆ کۆمەڵگا دروست دەکەت، هەبوونی یاسای میلیشیای، ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن، تیر نابن و هتد. بێ گومان ئەم خاڵانە و ناڕازیبوونی 95%ی جەماوەری کورد بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چینی سیاسی کوردی بە گشتی نە بەس هەڵگری نەخۆشییەکی چارەسەر نەکراوە،

بەڵام لە هەمان کاتدا شانازی پێ دەکات. لە ساڵی ١٩٩١ەوە جەماوەری کورد چۆن کاردانەوەی بەرامبەر بەم نەخۆشییە هەبووە و/ یان هەیە؟ ئایا پلان، ڕەفتار و کرداری باش و ڕادیکاڵ لە دژی ئەم نەخۆشییە گرتۆتەبەر؟ نە.
هەموو پارامێترەکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگای کوردی ئاگاداری ئەم نەخۆشییە نییە و دەڵێت: دەزانین دۆخەکە چۆنە بەڵام چارەسەر چییە؟ = هەبوونی ویژدانەکی میکانیکی (لە کاتی "گەشتێکی داخلی بەس لە زەماندا بۆ لای فلان کەس" ویژدانی میکانیکی بە دەنگی بەرز هاوار دەکرد کە دەسەڵاتدارە). لێرەدا گرنگە بە کورتی و سادە ئاماژە بە دروستکردنی بزووتنەوەی گۆڕان بکەین. یەکێک لەو فاکتەرەکانی گرنگ وسەرەکی کە بەشدار بو لە دروست کردنی گۆڕان، پارە بوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکێتی و پاشان لە پارتی وەرگرتووە. بە ساویلکاتی و ویژدانەکی زۆر نزم خەڵک لە دەرەوە و لە داخلی کوردستان بە پەلە بەرەو گۆڕان ڕۆیشتن: چەند کەسێک بێ سنوور دەوڵەمەند بوون؛ پەرلەمانتار، وەزیر و گوزیریش زۆر بە راحەت و ئاسوودەیی بە موچە و ئیمتیازاتی خۆیان ئێستا دەژین و هەر خەریکی دیوان و مەجلیس گەرم کردنن یان خەریکی کۆپی کردنی فلان وتارن.

پارتە سیاسییەکانی دیکەش وەک گۆڕان پارەیان لە پارتی، یەکێتی یان ئەکتەری دەولی خارجی وەرگرتووە و وەبەرهێنانی زۆر پیس و خراپیان وەک گۆڕان هاوار دەکەت لە زەمان و مکاندا. تەنانەت ئەگەر گۆڕان یان لایەنێکی تری سیاسی، خاوەنی سەد ملیار دۆلاریش با، وەبەرهێنانی 2 تەنها ئەوە دەبۆ کە ئێستا دەیبینی. بۆچی؟ چونکە داخلی زەمان و مەکانی(فلان کەس دەڵێت کاکە چۆن حاڵی نەبووم). زۆر کەس پێیان وایە پارە بنەمای هەموو شتێکە و بەبێ پارە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و ڕادیکاڵ مومکین نییە و ئەوە سەرەرای نارەزایی گشتی جەماوەری کورد.=هەڵەیەکی کوشندەیە و بە هیچ شێوەیەک هەست بە گرنگی خۆیان ناکەن. پارتی و یەکێتی بە ترس و هێزی میلیشیای کۆنترۆڵی تەواوی ئابووری کوردستانی عێراقیان کردووە3 و دڵخۆشن بە دابینکردنی پارە بۆ فلان کەس بۆ دروستکردنی بزووتنەوە و/یان حزبەکی سیاسی کە دەبێتە میلیشیایەکی تایبەت.

لە کوردستان دوو کار، ئیش باڵادەستن و ئەمەش تەنها بۆ پاراستنی دزی، گەندەڵیی شەرعی و بێسنوور، کۆیلایەتی و حەیوان کردنی کۆمەڵگایە،...هتد:- پێشمەرگە، - ئاسایش و پاراستن. ئەو کەسی کە یەکێک لەم دوو کارە دەکەت ئایا بژاردەیەکی تری هەیە؟ نە.
خاڵەکانی جیاواز و هاوبەش لە نێوان مووچەی ئەو کەسانە کە لە پاراستن و ئاسایش کار دەکەن و ئەوانەی کە مادەی هۆشبەر دەفرۆشن چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵام نا بە مانتال، بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خاڵەکانی هاوبەش زۆرترن لە جیاوازیەکان. پاراستن و ئاسایش، بە شێوەیەک چەند مادەیەکی زۆر خراپتر و پیستر لە مادده هۆشبەرەکان دەفرۆشن. کاتێک کە پاتۆلۆژیایەکی زۆر پیس، قووڵ و بەردەوام لە ناو کۆمەڵگادا هەیە وەک ئێستا لە هەموو عێراقدا، پێویستە ڕەفتار، کردار، کار، ئیش، فکر و هزر کردنی جەماوەر چۆن بێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لێ رزگار بکەت؟؟
لەم حاڵەتی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری کوردیدا، جەماوەری کورد پێویستە چۆن کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بە پارە، ترس 4 و هێزەکانی ئاسایش و پاراستن کە سێ ئاستەنگی سەرەکین بۆ گۆڕانکاری بنەرەتی؟ چۆن و بە چ شێوەیەک جەماوەری کورد پێویستە ئەم سێ خاڵە و سەرۆک، سەرۆکوەزیر و سکرتێری حزب و هتد ببینن؟ گرنگیان پێویستە چۆن بێت لە کاتێکدا کە سیڤی ئەوان زۆر رەشە؟ لە چوارچێوەی ڕاپەرینێکی جەماوەریدا، خاڵەکانی بەهێزی میلیشیای لاوازترین خاڵێن و ئەمەش بەپێی چەند خاڵێک؟ چین ئەم خاڵانە؟

تا ئێستا هیچ ڕاپەرینێکی جەماوەری دژ بە سەرکردایەتی کورد نەبووە و ئەوە لەکاتێکدا کە کەلتووری دروستکردنی حزب(میلیشیا)، زۆر باش چەسپاوە لەناو کۆمەڵگادا.= مانتالەکی 5 زۆر پیس، نزم و نەزان. ڕاپەرینی جەماوەری چییە؟ هەماهەنگی و ڕێکخستنی پێویستە چۆن بێت؟ چ جۆر پارامێترەکی داخلی و خارجی پێویستە لەبەرچاو بگرین؟ لە زەماندا(پێش، لە ماوەی و دوای)، چۆن ڕاپەرینی جەماوەری خۆی لە هەڵە و تەڵەکان بەدوور بگرێت؟ مێژوو چیمان فێر دەکات دەربارەی ڕاپەرینی جەماوەری (ئامانجەکانی پێویستە زۆر ئاشکرا بن لە زەماندا)، و چەند جۆری هەیە: داخراو یان کراوە(مانای چییە و بە چ شێوەیەک)، Spontaneous or not ، ئایا خاوەنی چوارچێوەیەکی(Structure)،باشە یان نا، لەلایەن دەوڵەتێکی بیانییەوە دروست بوویە و/یان کۆنترۆڵ دەکرێت (داخلی یان خارجی)؟ سەربەخۆیە یان نا؟ و هتد.

زۆرجار لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا پێش هەر ڕاپەرینێک نارازیبوونێکی گشتی هەیە کە پێکهاتووە لە: ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵیی شەرعی زۆر قووڵ؛ توندوتیژی بە شێوەازی جیاواز و هتد. جەماوەری کورد ئاگادارە یان نا کە ئێستا هەموو پێکهاتەکان بۆ ڕاپەرینێکی جەماوەری مەوجودن لە کوردستان. ئایا لە هەموو شارێکدا لیژنەی(کۆمیتە)، نهێنی هەیە بۆ ڕاپەرینی جەماوەری؟ ئیش، کار و پێکهێنانی لیژنەی نهێنی چییەو/یان چۆنە؟ بە چ شێوەیەک پێویستە ئیش، کار و جەخت لەسەر خاڵەکانی "بەهێزی" میلیشیای بکەت؟ چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم پرۆسەیە خێراتر بکرێت؟ ئەندام و کادری حزبی، هێزەکانی ئاسایش و پاراستن نە بەس ئاگاداری پاتۆلۆژیای تایبەتی خۆیان نینە بەڵام لە هەمان کاتدا: - خزمەتی ڕێکوپێکی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتدار دەکەن، - بە شێوەیەکی زۆر بەهێز بەشداری لە ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن و ئازارەکانی گەلی کورد دەکەن، - ئامادە کردنی جیلی ئایندە بۆ کۆیلایەتی، - بەهێزکردنی پاتۆلۆژیای خۆیان و هتد.
سلێمانی بە شاری ڕۆشنبیری ناسراوە، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوە، شاری دوو شتی ترە: - دوو کەس یەک نینە و زۆر پەرتو بڵاون. - بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری گرنگی و جێگای ستراتیژی خۆیان نینە.

لە سەرەتای دروستبوونی گۆڕان لە ساڵی ٢٠٠٩، دەبینین کە ڕێژەی ئەم خاڵانەی ژێرەوە بێ سنوور زیادی کردووە و بوونەتە شتێکی ئاسایی، نورمال: نارەزایی گشتی و گەندەڵیی شەرعی و بێسنوور لە هەموو ئاستەکدا زیادی کردووە، چینی دەسەڵاتدار بێ سنوور دەوڵەمەند بووە و ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر و رسواتر دەبن، بە هێز کردنی هەبوونی دوو ئیدارەیی، نەبوونی متمانە بە تەواوی بە لایەنە سیاسییەکان، توندوتیژی بە شێوازی جیاواز و بەردەوام، نەبوونی یاسا، قەیرانەکانی شەرعییەت، حەیوان کردنی کۆمەڵگا و هتد.
بەردەوام بوون وهیچ نەکردن لەدژی ئەم خاڵانەی زۆر نێگەتیڤ بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە کۆمەڵگای کوردی بەراستی نەخۆشییەکی پیسی هەیە وهەموو هەوڵەکانی کە کلاسیکی بوونە بۆ چارەسەرکردنی شکستی هێناوە. بەڵام بۆ؟ بۆچی کۆمەڵگای کوردی چارەسەری نەدۆزیوەتەوە؟ دەبێت ناوی ئەم نەخۆشییە چی بێت؟ بێ گومان وەڵامەکە(ئەم وەڵامە دەسەڵاتدارە لە سەر وەڵامەکانی تر، فلان کەس

دەڵێت کاکە چۆن حاڵی نەبووم)، ئەوەیە: مانتاڵەکی نەخۆش، زۆر نزم و نەزان، بو نموونە: بەغدا لە بەراوردی ئێمە دەوڵەتە چۆنکە مانگانە مووچە دەدات، فلان کەس کە لە دەرەوەی کوردستان دەژیت نازانێت کە ئەوانەی لە دەزگا ئەمنییەکان کار دەکەن مووچەیان زۆرە، فلان کەس لە ئەوروپا دەژیت و دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەوەی خۆی بۆ پەرلەمان کاندید بکات، ئەگەر گۆران گۆڕانکاری نەکات، کێ دەیکات؟ بەڕای تۆ فلان کەسی ناسراو دەتوانێت شتێک بکات، گەندەڵیی زۆرە لەناو هێزەکانی ئەمنی بۆیە ئێمە دژی یەکگرتوویی هێزە ئەمنییەکانین.

مێژووی عێراق زۆر بە هێز بۆمان ئیسبات دەکەت کە چینی دەسەڵاتداری عێراقی خاوەنی پاتۆلۆژیایەکی زۆر پیس و خراپە لە زەماندا کە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە و زۆر باش چەسپاوە لەناو کۆمەڵگادا بە شێوەیەک کە نە بەس هەست بە نەخۆش بۆونی خۆی ناکەت بەڵام لەهەمان کاتدا بۆوتە شتێکی زۆر نورماڵ، شەرعی و یەکێک لە پێکهاتەکانی گرنگ و پیسی کۆمەڵگایە. بەس لەم ٥٠ ساڵی رابردوودا بەڕێوەبردنی عێراق چۆن بۆویە؟ پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی(چ شیعە یان سوننە)، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک خۆی لە حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکی تر تازە و نوێ دەکاتەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی لەم خاڵانەی خوارەوە کە زۆر نێگەتیڤن پێکهاتووە: حەزکردنەکی بەردەوام و بێ سنوور بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی و ئەوە بە هەر شێوەیەک بێت: دیکتاتۆرییەت، دەسەڵاتەکی میلیشیای بە وەکالەتی ئەکتەری دەوڵی خارجی، عەشایەری، تائیفەگەری، ئائینی؛ کۆمەڵگا وەک خاوەنی خۆی دەبینێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و شکۆمەندی خۆی، شەری ناوخۆ و دەرەکی، حەیوان کردنی کۆمەڵگا، ستەم و زوڵموزوری، دزی، گەندەڵیی وتاڵانکردنی شەرعی زۆر قووڵی سەروەت و سامانی عێراق و هتد.
سروشتی ئەم نەخۆشییە بە جۆرێکە کە تەنها ئەو شتە کە لە بەرژەوەندی خۆیدایە بەرهەم دەهێنێت و ئەوە لە ناو هەموو سێکتورەکانی کۆمەڵگادا. لەم حاڵەتەدا کونسێپتەکانی وەک هەڵبژاردن، گەشەپێدانی جیاواز، بەرژەوەندی گشتی، مافی مرۆڤ، دەستوور، سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری، عەدالەت، نەمانی دزی، گەندەڵیی قووڵ و شەرعی و هتد هیچ مانایەکیان نییە. = خاڵەکانی نێگەتیڤ دەسەڵاتدارن لە سەر خاڵەکانی باش و پۆزەتیڤ وەک راستی و عەدالەت، مەعنەوییەت، بەرژەوەندی عام، شەفافییەت و هتد کە چەند داوا و داخوازی هەر رایەرینێکن. بۆ ئەم نەخۆشییە ئەوەندە بە هێزە؟ هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییە چین: کۆمەڵێک هۆکاری
سایکۆلۆجی، کولتووری، تەقلیدی، ئابووری و هتد. ناوی ئەم پاتۆلۆژیایە چییە کە چینی دەسەڵاتداری سیاسی- ئایینی عەرەبی شیعە و سوننە ناتوانیت خۆی لێ رزگار بکەت؟ = مانتالەکی زۆر نزم، نەخۆش و نەزان کە بەس نەخۆشی جیاواز بۆ عێراق دروست کردووە و دروست دەکەت.
سیستەم و پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستوری وەک هەموو سیستەمەکانی تر لە عێراقدا خاوەنی پاتۆلۆژیای خۆیە کە لە قۆناغەکانی جیاوازی پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە: Norme, gestion, structure, fonctionnement و هتد.
یەکێک لە رێگاکانی پاتۆلۆژیای عێراقی بو نوێ کردنەوەی خۆی هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنی جیاواز: پەرلەمانتار، وەزیر و گوزیر، سەرۆک، سەرۆک وەزیر، ئەندامی باڵای میلیشیای، سەرۆک کۆمار، دادوەر، پارێزگار و هتد. چەند تایبەتمەندی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا:
بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی، کاریگەر و تەدەخولی وڵاتانی بیانی، یاریکردنەکی شانۆیی رێکوپێک بە جەماوەر بۆ ئەوەی کە هەست، هزر و بیرکردنەوەیەکی باشی لە سەر پاتۆلۆژیای دەسەڵاتدار(کە پێشوەخت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەزانێت) هەبێت، نەبوونی شەفافییەت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، کرین و فرۆشتنی کارتی دەنگدان، کەس بەرپرسیار نییە و بە بێ هیچ کۆنترۆڵێک چەند ملیار دۆلار خەرج دەکەن بۆ هەڵبژاردن؟ ماڵیەری بەغدا ئەلیەوم چی دەڵێت لە سەر ئەم بابەتە؟ و هتد. لەم حاڵەتەدا هەڵبژاردن تەنها یەک ئامانجی هەیە، ئەویش نوێکردنەوەی پاتۆلۆژیای عێراقە.

مێژووی عێراق چیمان پێدەڵێت دەربارەی پاتۆلۆژیای کۆمەڵگای عەرەبی عێراقی چ شیعە یان سوننە ( زۆر حەز لە تائیفەگەری دەکەن و لەبەر ئەوەش بۆتان بە زمانی تائیفەگەری دەنووسم ).؟ چین نیشانەکانی ئەم پاتۆلۆژیایە؟ چۆن پاتۆلۆژیای دەسەڵاتدار کار و ئیش، کاریگەری و بەشداری کردووە لە دروست کردنی پاتۆلۆژیای کۆمەڵگای عەرەبی عێراقدا؟ بێ گومان خاڵەکانی هاوبەش لەگەڵ پاتۆلۆژیای جەماوەری کورد زۆرن.
جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی تەقریبەن بە بەردەوامی لەگەڵ خاڵەکانی زۆر نێگەتیڤی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی کە لە سەرەوە باسمان کرد ژیاون و دەژین. ئایا کۆمەڵگای عەرەبی عێراقی ئاگاداری پاتۆلۆژیای بەردەوامی خۆیە(دەسەڵاتەکی دیکتاتۆر، میلیشیای و تائیفی، توندوتیژی و شەری جیاواز و بەردەوام، حەیوان کردنی جەماوەر، ستەم و زوڵموزوری، دزی، گەندەڵیی وتاڵانکردنی شەرعی زۆر قووڵی سەروەت و سامانی عێراق؛ و هتد)، یان نا، و بۆ تا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لێ رزگار بکەت؟

دوای رووخانی سەدام، پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی زۆر بە خێرایی سەریهەڵداوە و دەست بە ژیان کردەوە: جگە لەئەو خاڵانەی زۆر نێگەتیڤ کە لە سەرەوە باسمان کرد، زنجیرەیەک نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە عێراق پەیدا بوون لە ساڵی ٢٠١٥، ٢٠١٨ و لوتکەی راپەرین کە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بوو. وەڵامی چینی سیاسی و ئایینی عەرەبی عێراقی بۆ خۆپیشاندەران زۆر درندە و خوێناوی بوو: زیاتر لە ٧٠٠ کوژراو و زیاتر لە ٢٠٠٠٠ بریندار. ئەمەش ئەم خاڵانەی خوارەوە نیشان دەدات: خاڵەکانی هاوبەشی ئەم پاتۆلۆژیایە لەگەڵ پاتۆلۆژیای رژێمی بەعسی زۆرن، بەردەوام بوونی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی کە لە زەماندا بووتە شتێکی یاسای و شەرعی، جەماوەری
عەرەبی شیعە و سوننە باش فێر بوونە بژین لەگەڵ پاتولوژیای دەسەڵاتداری عێراقی و "پێویستە" هەر خزمەتی بکەن، بە هیچ شێوەیەک هەست بە گرنگی خۆیان ناکەن و هتد. ئەنجامەکانی ئەم پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی ئێستا هاوار دەکەن لە ناو کۆمەڵگادا: هچ
شتێک لە عێراقدا بەهای خۆی نەماوە و پێویستە هەموو شتێک لە خزمەتی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتدار دابێت، نەبوونی متمانە بە تەواوی بە چینی سیاسی ئائینی دەسەڵاتدار کە رۆژ بە رۆژ دەوڵەمەندتر دەبن، دزی و گەندەڵیی شەرعی و بێسنوور؛ نارەزایی گشتی، قەیرانەکانی شەرعییەت، حەیوان کردنی کۆمەڵگا، توندوتیژی بە شێوازی جیاواز و بەردەوام، هەبوونی یاسایەکی میلیشیای و هتد.

جەماوەری شیعە و سوننەی عەرەبی عێراقی پێویستە ئەم پرسیارانە لەخۆیان بکەن: چین تایبەتمەندییەکانی راپەرینەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩؟ بۆچی ئەم راپەرینە "شکستی هێنا" وچ کاریگەرییەکی لەسەر ویژدانی جەماوەری عێراقدا هەبوو؟ کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام پئویستە چ دەرسێک لەم راپەرینە فێر بێت؟ بۆچی راپەرینی جەماوەری لە تونس "سەرکەوتوو" بوو؟ جیاوازی و خاڵەکانی هاوبەشی نێوان ئەم دوو راپەرینە (تونس و ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لە عێراقدا)، چین؟ خاڵەکانی بەهێز و لاوازی چینی دەسەڵاتداری سیاسی- ئایینی عێراقی چین و چۆن پێویستە جەماوەر تەماشایان بکەت؟ و هتد."

**خاڵەکانی هاوبەشی پاتۆلۆژیای عێراقی (دەسەڵاتدار و جەماوەری)، زۆرن لەگەڵ پاتۆلۆژیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام پاتۆلۆژیا لە هەر وڵاتێکدا تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە. بۆ نموونە تورکیا: لێرەدا باسی پاتۆلۆژیای جەماوەری تورکیا ناکەم، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سادە و کورت چەند تایبەتمەندی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری تورکیا: دیموکراسییەکی کۆپی و زۆر سەقەت، توندوتیژی جیاواز و سیاسی لەگەڵ جەماوەر بەتایبەتی لەگەڵ جەماوەری کورد، ترسەکی زۆر قووڵ و بەردەوام لە دەستدانی بەشێک**

**لە خاکی تورکیا، ناعەدالەتییەکی بەردەوام بە تایبەتی لەگەڵ جەماوەری کورد، دزی و گەندەڵیی شەرعی، هەر شتێک یان کەسێک کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای هێرشبەردا نەگونجێت بە نائاسایی و خراپ دەبینن، دەسەڵاتداری بێ سنووری ئایدۆلۆژیای هێرشبەر، پاتۆلۆژیایەکی درێژخایەنە و هتد. ناوی ئەم پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری تورکیا پێویستە چی بێت و بۆ تا ئێستا لە تورکیا چارەسەری ئەم پاتۆلۆژیایە نییە؟ چۆن کۆمەڵگا دەبێت کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بەم پاتۆلۆژیای درێژخایەن؟**

**پاتۆلۆژیای قەندیل چۆنە؟ بێ گومان خاڵەکانی هاوبەشی لەگەڵ پاتۆلۆژیای میلیشیایەکانی کوردستانا عێراقە زۆرن: خارج نەبوون لە مانتالەکی زۆر نزم، نەزان، کلاسیکی و وشک؛ شەڕی براکوژی، بینینێکی کورتخایەن، بەرژەوەندی حزبی دەسەڵاتدارە لە سەر بەرژەوەندی عام، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆر ساویلکە و نەزان، پاتۆلۆژیایەکی درێژخایەنە و هتد. قەندیل ناوی ئەم پاتۆلۆژیایە پێویستە چی بێت و چۆن خۆت لێ رزگار دەکەی؟**

**لە کۆتاییدا هوشیار بارزانی گووت:" <u>لە ساڵی ١٩٣٢ تا ئێستا، جەماوەری عێراق تەقریبەن بە بەردەوامی لەگەڵ شەڕ، توندوتیژی جیاواز، جینۆساید، دیکتاتۆر ومیلیشیا، تایفەگەری ئێتنی و ئایینی؛ ژێردەستی، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردنی سەروەت و سامانی عێراق، دزی و گەندەڵیی شەرعی زۆر قووڵ و هتد ژیاوە و دەژیت. ئێستا زۆربەی ئەم خاڵانە زیندوون و دەسەڵاتدارن. بێگومان بەردەوام بوونی ئەم خاڵانە ئەوە ئێسبات دەکەت کە چینی سیاسی- ئایینی عێراقی بە شێوەیەکی عام بوونە بە بەرهەمهێنەری شەرعی</u>**

**<u>و یاسای پاتۆلۆژیای عێراقی کە دوو بنەمای سەرەکی هەیە:- پاراستنی بەرژەوەندی چینی سیاسی- ئایینی دەسەڵاتداری عێراقی بە هەر بەها ونرخێک بێت( توندوتیژی بە شێوەازی جیاواز لەگەڵ جەماوەری عێراق، کوشتن، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵیی شەرعی زۆر قووڵ، شەڕی براکوژی، ئێتنیک و ئایینی، جینۆساید، خزمەتکردنی ئەکتەری دەوڵی خارجی و هتد.)، - حەیوان کردنی کۆمەڵگا بە شێوەیەک کە ئێستا جەماوەری عێراق بەس بووتە بە</u>consommateur<u>ی(مەسرەفکەری)، پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی. لەم حاڵەتەدا گەلی عێراق چۆن دەتوانی خۆت لە پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی کە درێژخایەنە رزگار بکەیت؟ بێ گومان ڕەفتار، کردار، کار، ئیش، فکر و هزر کردنی ئێستای جەماوەری عیراق بەس لە خزمەتکردنی پاتۆلۆژیای دەسەڵاتداری عێراقی دایە و هەڵبژاردن بە هیچ شێوەیەک شتێک ناگۆڕێت. چارەسەر چییە عێراق؟"</u>**

**بە سەڕی ئێوە هەمووتان چینی سیاسی-ئایینی عێراقی: تاڵانە، دەشتە پاژۆو.**

م. ئەمین

1- Démopathie
2- https://kcdme.com/M.%20Amin%2006.01.2025.pdf
3- https://kcdme.com/Ayoub%20Barzani%2020.03.2024%20in%20Arabic.pdf
4- https://kcdme.com/M.Amin%2026.07.2023%20---PDF.pdf
https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
5- https://kcdme.com/M.%20Amin%2021.11.2022.pdf